# له ساڵیادی بەکر عەلیدا

ئەمرۆ یانزە ساڵ بەسەر مەرگی دەسئەنقەستی هاوڕێی شاعیرم ( ئەبوبەکر عەلی ) دا تێدەپەڕێت ، من لەم ساڵەدا ویستم دوور لە تەقلیدی ساڵانی رابردوو شتێك لە یادی ئەو هاوڕێ شاعیرەمدا بنوسم ، پێم وایە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی بەرهەمەکانی بەکر باشترین یادکردنەوە بێت .

لەم سۆنگەیەوە داوا لە گشت هاوڕێی و خەمخۆرو دۆستانی بەکرعەلی و تەواوی ئەوانە دەکەم کە هەر بەرهەمێکی ئەو شاعیرەیان لەلا بێت ( بڵاوکراوە یان بڵاونەکراوە ) بەم ئەدرەسانە بۆم بنێرن تا هەموان خزمەتێك بە قەڵەم و هەڵوێستی ئەو شاعیرە بکەین ئەگەر ئەو بەرهەمانە بە دەسخەتی خۆی بێت یان نامەیەکی دەگمەن بێت بۆ هاوڕێیەکی یان هەرچی بێت ئەگەر خەتی خۆیی لەگەڵدا بێت زیاتر ئەو کۆ بەرهەمە دەوڵەمەند دەکات و لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمەدا ناوی ئەو بەرێزانە ئاماژە پێدەکرێت کە هەر بەڵگەیەکیان ناردبێت .

بە ئومێدی هاوکاریتان

نامق هەورامی

namqhawramy@yahoo.com

namqhawramy@hotmail.com